# تێڕوانینەکانی فاروق کاتژمێرێکیشیان نەماوە بۆ نیوەشەو

B-4

## بژار

**بەرەی تاکی تایبەت و بەرەی تاکی هەموانی**

لە لاپەرە 76-77دا و لە پەرتووکی "یک کاتژمێری ماوە بۆ نیوەشەو " فاروق دەڵێت : ( چ سیاسەتمەدار و فەیلەسوفە لیبراڵەکانی سەدەی نۆزدە و چ کۆماریخوازەکانی سەدەی بیستەم و ڕۆژگاری ئەمڕۆ جەغدیان لەسەر ئەم پرەنسیپە بوو , وە هەیە کە پرۆژەی گەورەی سیاسی و ڕۆشنگەرانە کە خەونێکی گشت منەوەرەکانی چوار سەدەی میراتی فکر و فەلسەفەی ڕۆژئاوایە , بریتیە لە هێنانە کایەوەی کۆمەڵگایەک کە خۆی لە خۆیدا خاوەن دەسەڵات بێت , کۆمەڵگایەک کە هێندە هێز و دەسەڵات و توانای هەیە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و حکومەت خۆی بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێ وئیدارەی خۆیی و دەستپێشخەرییکانی و هەوڵ و کۆششەکانی بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی مانادار‌ی مەدەنیانەبکات . کۆمەڵگایەک کە نەک بۆ هەموو شتێک ناگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت بەڵکو دەوڵەتیش ڕێنومایی دەکات و بەو ئاقارەیدا دەبات کە لە خزمەت پرۆژەکانی کۆمەڵگادا بێت و پشت بە ئایدیا و دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵگا ببەستێت نەک بە پێچەوانەوە . دەتوانین لە جیاتی پێناسە کردنی کۆمەڵگای بەهێز , ئەم جۆرە یا مۆدێلە لە کۆمەڵگا لە ڕێگای هەبوونی چەند خاسیەتێکەوە و پەنجە خستنە سەر چەند پرنسیپێک بیناسینەوە و دیاری بکەین . یەکەم کۆمەڵگای بەهێز کۆمەڵگای دامودەزگای مەدەنی و کلتووری و یاسایی و مەعریفییەکانە ........کۆمەڵگا لە ڕێگەی دامودستگا مەدەنی و کلتووری و ئابووری و سیاسیەکانەوە جڵەوی دەستپێشخەرییەکانی لەنێو دەستدایە . بگرە خودی کۆمەڵگا خاوەنی دەوڵەتە , نەک موڵکی دەوڵەت , ............ وولاتە خۆرئاواییەکان نموونەی کۆمەڵگای بەهێزن ) .

فاروقیش لەگەڵ گشت منەوەرەکانی چوار سەدەی میراتی فکر و فەلسەفەی خۆرئاوادایە , بۆ هێنانە کایەوەی کۆمەڵگایەک کە خۆی لە خۆیدا خاوەن دەسەڵات بێت . حەز دەکەم خوێنەری خۆشەویست سەرنجی ئەوە بدات کە فاروق باس لە دەسەڵاتی کۆمەڵگا دەکات , نەک دەسەڵاتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا . فاروق پێش ئەوەی مرۆڤ دۆست بێت , کۆمەڵگا دۆستە . فاروق مرۆڤ دۆستییەکەی لە کۆمەڵگا دۆستییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت . ئەو ئازادی مرۆڤەکان گرێ دەداتەوە بە ئازادی کۆمەڵگاوە . واتە ئازادی تاکەکان ئەوەندە بە هەند " بە بایەخ " وەردەگرێت کە لە پرۆسەی ژیانی هەمان کۆمەڵگادا بەردەوام بێت . گرفتی فاروق ئەوەیە کە خودی کۆمەڵگاکە وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە بە نادروست نازانێت , بەڵکو کەموکوڕی لە هەڵسووڕانی سیاسیدا دەبینێت . واتە فاروق خودی سیستمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا کە نوێنەرایەتی و دەسەڵاتدارێتی و عەقڵسالارییە بە نامرۆیی لە قەڵەم نادات , بەڵکو نەبوونی چاکسازییەکان و هەڵسووڕانە سیاسییە , خۆی واتەنی , ناعەقڵانییەکان بە نامرۆیی لە قەڵەم دەدات . ئەوەتا فاروقیش وەکو کەسێکی میرات پێبڕاوی چوار سەدەی فکر و فەلسەفەی ڕۆژئاوایی داوای دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بەهێز دەکات . ئەمیش وەکو ئەوان کۆمەڵگایەکی دەوێت کە دەوڵەت و حکومەتی تیا بێت , بەڵام خودی کۆمەڵگا خۆی خاوەنی

دەسەڵات بێت و تەنانەت ڕێنومایی دەوڵەتیش بکات . ئەڵبەتە وولآتانی ئەمڕۆی خۆرئاوا نمونەی ئەو کۆمەڵگا بەهێزانەن کە فاروق پێیان سەرسامە و دەیەوێت لە کوردستاندا دایبمەزرێنێت . بەڵام ئەم کۆمەڵگا بەهێزانە هیچیان کۆمەڵگایەکی ڕاستەوانە نین . هەر هەموویان کۆمەڵگای پێچەوانەن . کۆمەڵگای پێچەوانەش هەمیشە نامرۆییە . کۆمەڵگای پێچەوانە چەند بەهێز بێت , مرۆڤی تاک تیایدا ئەوەندە بێهێزە . بەهێزی کۆمەڵگا لەسەر تاڵانکردنی هێزی تاکەکانەوە بنیات دەنرێت . کۆمەڵگای بەهێز , کۆمەڵگای تاکە لاوازەکانە . هێندەی تاکەکان لە کۆمەڵگای بەهێزدا لاوازن , هێندە لە کۆمەڵگای بێهێزدا لاواز نین .

کرۆکی باسەکە ئەوە نییە کە لە وولآتانی ڕۆژئاوادا , ئاسایش و یاسا و بژێوی و ئازادی و .....هتد بەبڕی دیاریکراو بۆ کۆمەڵانی خەڵک هەن , بەڵکو کرۆکی باسەکە ئەوەیە کە ئەو دەستکەوتانەیان , باجی خۆبەدەستەوە دانیانە . کۆمەڵانی خەڵک لە چوارچێوەیەکدا کە دەوڵەت و یاسا بۆی دیاریکردوون دەبێت ژیانی ڕۆژانەیان بەسەر بەرن , وە لە هەمان کاتیشدا ئەو مەیدانی هەڵسووڕانەیان کە لە کۆمەڵگادا بۆ دیاری کراوە , بە پەیوەست بە یەکیەتی ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەتەوەیە , نەک بە پەیوەست بە کۆمەڵانی خەڵکی ئاسایی و تاکتاکی مرۆڤەکانەوە . لە وولآتانی ڕۆژئاوادا نەک هەر مرۆڤی تاک لە بەرانبەر دەوڵەتدا لاوازە , بەڵکو کۆمەڵانی خەڵکی ئاسایی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانیش بە هەموو جۆرێکیانەوە , هەر لاوازن . ئەو ڕێکخراوە مەدەنییانەی کە فاروق سەرسامە پێیان , تەنیا لە بازنەی خزمەت کردن بەبەری تاکی تایبەتدا ڕێگە بە هەڵسووڕانیان دەدرێت . پشت بەستن بە ئایدیا و دەست پێشخەرییەکانی کۆمەڵگاوە لەلایەن دەوڵەتەوە , تەنیا بەو ئەندازەیە بوونی هەیە کە کار ئاسانییەک لەو نێوەدا بۆ دەسەڵاتدارێتی دەوڵەت و یارمەتییەکیش بە پرۆسەی بردنە پێشەوەی تاڵانییەکانی بەرەی تاکی تایبەت بدات . دەوڵەت لە وولآتانی ڕۆژئاوادا ئەوەندە بەهێزە بەرانبەر بە کۆمەڵانی خەڵک , کە ئەو ماف و ئازادی و بژێوی و شتانەی هەیانە , بە هیچ شێوەیەک لە ئاستی شیاودا نییە . خودی کۆمەڵگا ئامرازە بە دەست دەوڵەتەوە , نەک بە پێچەوانەوە . تەنیا هێزێک لە وولآتانی ڕۆژئاوادا کە دەسەڵاتی بەسەر دەوڵەتەکاندا هەبێت , بەرەی تاکە تایبەتەکانیانن . دەوڵەتەکان , ئامرازی بەرەی تاکە تایبەتەکانن , بەرەی تاکە تایبەتەکانیش خاوەنی کۆمەڵگاکانن . بەهێزی وولآتانی ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی بەرەکانی تاکی تایبەت لەو وولآتانەدا . بەهێزی دەوڵەتەکانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی ئەم بەرانەی تاکی تایبەت لەلایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرجەستە بوونێکی هەمەلایەنەی بەرچاوی داواکارییەکانی بەرەکانی تاکی تایبەت تیایاندا . مرۆڤی تاک لەم ڕەوشەدا و لەم وولآتانەدا هێندە لاوازە کە لەگەڵ دەوڵەت و بارودۆخی هەبوودا , بە هیچ شێوەیەک بەراوورد ناکرێت .

کۆمەڵگاکانی وولآتانی ڕۆژئاوا بەبەراوورد بەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژییە , بەبەراوورد بەبڕی کۆی هەموو دەسەڵاتەکان لە هەر یەکێکیاندا , بە بەراوورد بەو بەرهەمە زۆرەی کە ئیشکەران " کرێکاران و جوتیاران و ئیشکەرانی دیکە – وەکو ئەندازیاران و میکانیکییەکان و ....هتد – "بەرهەمی دەهێنن ,, خۆشگوزەرانی و ئازادی و دەسەڵاتیان زۆر کەمە . لە بواری خۆشگوزەرانیدا تا ئێستا هیچ یەکێک لەم وولآتە بەهێزانە چارەسەری بێکاری لە وولآتەکەی خۆیدا بۆ نەکراوە . بیمەی بێکاریش , دابین کردنی لانی هەرەکەمی بژێوییە . دیلە بێ زیندانەکان " ئەوانەی کە بێ خانەولانەن " کە دیلەکانی کۆمەڵگای پێچەوانەن , یان ئاوڕیان لێنادرێتەوە یان ئاوڕلێدانەوەکانیان لە بازنەی

بەزەیی هاتنەوەیەکی سوکایەتیئامێز و جوانکردنێکی فریودەرانەی ڕووی دەسەڵاتدایە . ئەو تاکسەی کە لەم وولاّتانەدا بۆ فاروق جێگای دەستخۆشی لێکردنە , تالاّنکردنێکی ملهوڕانەی دەوڵەتە بۆ سەر تاکەکانی کۆمەڵگا . لە هەموو خانەوادەیەکدا ئەگەر سەرچاوەیەکی بژێوییان نەبێت , دەبێت لانیکەم دووکەس ئیش بکات بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسایی لەناو ڕیزەکانی خوارەوەی کۆمەڵگادا بژین . ئەم دوو کەسە جگە لەوەی کە تاکس بە دەوڵەت دەدەن و لە کاتی وەرگرتنی چێک " پسووڵەی پارە " دا لێیان دەبڕن , لە بازاڕیشدا جگە لە خواردن هەر شتێک کە دەکڕن " ئەمەیان سیستمی کەنەدایە " دەبێت بە شێوەیەکی گشتی 14 دەرسەدی دیسانەوە تەکس بدەنەوە بە دەوڵەت . تاکس ئامڕازی تالاّنکردنی مرۆڤەکانی کۆمەڵگایە _ ئەڵبەتە زیاتر مەبەستم لە مرۆڤە کەم دەرامەتەکانە - .

لە بواری ئازادیشدا تاک لە کۆمەڵگای بەهێزدا هەژارە . ئازادی مرۆڤی تاک لە کۆمەڵگای بەهێزدا بە ڕێژەیەکی هێجگار زۆر تالاّن دەکرێت . مرۆڤەکان لە خوارەوە و لەناو کۆمەڵگادا وەکو مرۆڤە پەرەوازەکان , دەرکراوەکان , ئاوارەکان وانە . بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن پەراوێزخراون . بەو برە ئازادیت هەیە کە لەناو بەرەی تاکی تایبەتدا بیت ( بەرەی تاکی تایبەت لە ڕووی سیاسییەوە , دەوڵەت و ئۆپۆزیسیۆن و ڕێکخراو و دەستەوتاقمی سیاسی دیکەش دەگرێتەوە ) چ وەکو ڕووە سیاسییەکەی و چ وەکو ڕووە کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و کولتووری و هتدەکانی . ئەگەر لەناو بەرەی تاکی تایبەتیشدا نەبیت و لەناو بەرەی تاکی هەموانیدا بیت , ئەوە بەو برەی پاشکۆیەتیت بۆ بەرەی تاکی تایبەت هەیە , بەو برە ئازادیت هەیە . لە کۆمەڵگای بەهێزدا هیچ کەسێک خاوەنی دەنگی خۆی نییە , هەمیشە دەبێت نوێنەرەکەی خاوەنی دەنگی ئەو بێت . هیچ دەسەلاّتی بەسەر پیادەکردنی ئارەزووە مرۆییەکانی خۆیدا نییە , هەمیشە دەبێت ئەو دەسەلاّت پیادە کردنە لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەتەوە سەرچاوە بگرێت . لە کۆمەڵگای بەهێزدا ئازادیش وەکو هەموو شتێکی تر لەژێر کۆنترۆڵدایە . کۆمەڵگای بەهێز کۆمەڵگای حکومەت و کۆمپانی و دامودەزگا و حزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییە . لە کۆمەڵگا بەهێزەکاندا مرۆڤەکان بە بەرنامەڕێژکراوی لەژێر چاوەدێری دەزگا سیخوڕییەکاندان . فایلی هەموو کەسێک بە هەموو زانیارییەکەوە کە دەستیان کەوتبێت , لەو دەزگا سیخوڕییانەدا هەیە . هەموو یەکێکیان " واتە هەموو یەکێک لە وولاّتە ڕۆژئاواییەکان " پۆلیسێکی زۆر و سوپایەکی پڕچەک و بەهێزی هەیە . میدیا لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ کراوە , یان ڕێکترە ئەگەر بڵێم لەلایەن دەزگا سیخوڕییەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە . تەنانەت لەم وولاّتانەدا ئازادی بەدەستهێنانی هۆشیاریش ئابلۆقە دراوە . ئازادی لەم وولاّتانەدا ئەگەر بەرمەبنای بۆچوونی فاروق یش تێیبڕوانین , تەنیا بەو ڕادەیە هەیە کە لاقەی کۆمەڵگای پێچەوانە نەکات . ئازادی مرۆڤ لە وولاّتانی ڕۆژئاوادا , درۆیەکی شاخدارە . ئەو ئازادییانەی کە هەیە , پێداویستییەکانی بەرەی تاکی تایبەت دابینی کردووە . ئەو ئازادییانە بەرهەمی نزیک بوونەوەی هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەتە لە یەکتری و هەرگیزیش ناهێڵن لەو چوارچێوەیە بترازێت . ئازادییەکان , ئازادی مرۆڤ نین وەکو مرۆڤ , ئازادی مرۆڤن وەکو سوودبەخش بە بەرەی تاکی تایبەت . ئازادییەکان وابەستەن , سەربەخۆ نین . ئازادییەکان , ئازادی کۆیلەکانن , کۆیلەکانی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان . کۆیلەکانی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان , بەو برە لە کۆیلایەتی دەردەچن , کە لەگەڵ پەیوەندییەکاندا هاوجووت بن . پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان کە لەسەر تالاّنکردنی یەکترییەوە دامەزراون , هەرکەس تالاّنییەکەی زۆرتر بێت , ئازادییەکەشی زۆرتر دەبێت . تالاّن کردن لە کۆمەڵگادا هەروا لەخۆڕا نییە , سیستیماتیکە . ئەو

سیستیماتیک بوونە , ژمارەیەکی هێجگار زۆر کەناڵی جۆربەجۆری بۆ وەرگرتنی تاڵانی کردووەتەوە . هیچ بوارێک نییە لە کۆمەڵگادا تاڵانی تیا نەکرێت . تەنانەت بواری زانستیش تاڵانییەکی زۆری تیا دەکرێت . زانست پێش ئەوەی لە خزمەتی کۆمەڵگادا بێت , لە خزمەتی دەسەڵاتدایە . بە پێی خزمەت کردنی بە دەسەڵات , ڕێگەی خزمەت کردنی بە کۆمەڵگا پێدەدرێت .

لە بواری دەسەڵاتیشدا بێگومان مرۆڤەکان بەسەر ژمارەیەکی ئێجگار زۆری جیاوازییەکاندا دابەش دەکرێن . یەکەم تاڵان کردن کە لە مێژوودا دەستی پێکردووە , تاڵان کردنی دەسەڵات بووە . ئەم تاڵان کردنی دەسەڵاتە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە . تاڵان کردنی دەسەڵات ئەوەتەی هەیە بە ڕێگای گەشە کردندا هاتووە . کەڵەکە بوونی دەسەڵات هەرگیز ڕانەوەستاوە . ڕاوەستانی کەڵەکە بوونی دەسەڵات , واتە ڕاوەستانی تاڵان کردنی یەکتری , ڕاوەستانی تاڵان کردنی یەکتریش , واتە ڕاوەستانی کۆمەڵگا . هەموو دابین کردنێکی ئاسایش بۆ کۆمەڵگا , بە مانای دابین کردنی زەمینەیەکی لەبار دێت بۆ تاڵان کردن و کۆکردنەوەی تاڵانییەکان لەلایەن بەرەی تاکی تایبەتەوە . دابین کردنی ئاسایش لێرەوە سەرچاوە دەگرێت , نەک لەبەر خاتری کۆمەڵانی خەڵک . یەکەم تاڵانییەک کە لە مێژوودا کرابێت دەسەڵات بووە و یەکەم شتێکیش کە لە مێژوودا پیرۆز کرابێت دەسەڵات بووە . وە تەنیا شتێکیش کە ئازادی مرۆڤ مسۆگەر دەکات , وەستاندنی تاڵان کردنی دەسەڵاتە لەسەر ئاستی کۆمەڵگای جیهانی . لێرەوەیە کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە من لە نووسینەکانمدا دروشمی یکسانیم لە دەسەڵاتدا بەرز کردووەتەوە . ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی لە بنەڕەتەوە بەستراوەتەوە بە یەکسانییەوە لە دەسەڵاتدا . ئەم یەکسانییەش لە دەسەڵاتدا پێوەرێکی دیکەیە بۆ پێوانی کۆنەپەرستی کەس و هێز و لایەنە بەناو ئازادیخوازەکان . واتە بەو برەی لەگەڵ ئەم دروشمەدا دێنەوە , بەو برە ئازادیخوازن ,, وە بەو برەشی دوژمنایەتی دەکەن , بەو برە سەرکوتگەر و دواکەوتنخوازن .

ئازادی بوون لە وڵاتانی ڕۆژئاواشدا هەر ئاوا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت . واتە بەپێی بڕی دەسەڵات ئازادی هەیە . هەموو هێزێکی کۆنەپەرست کە لە کۆمەڵگادا زیندوو دەبێتەوە بە هۆی هەبوونی دەسەڵاتەوەیە . دەسەڵات لە کوردستان و عێراقدا کە بە فەرمی لەلایەن هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدرالەوە لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە بە دنەدان و پیاهەڵدان و سەرپەرشتی و داسەپاندنی ئەمەریکاوە دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەرۆک خێڵ و هۆزەکان , دیاردەی تایەفەگەری وەکو دیاردەیەکی کۆنەپەرستانە بە پانتایی کوردستان و عێراقدا تەشەنە دەکات و لە هەمان بەرگی دوێنێدا خۆی بە ئەمڕۆ پیشان ئەداتەوە . خودی دەسەڵات خۆی لە خۆیدا کۆنەپەرستانە نییە , بەڵام تاڵان کردنی دەسەڵات کۆنەپەرستانەیە . خودی ئازادیش خۆی لە خۆیدا کۆنەپەرستانە نییە , بەڵام تاڵان کردنی ئازادی کۆنەپەرستانەیە . خودی خاوەندارێتیش خۆی لە خۆیدا کۆنەپەرستانە نییە , بەڵام تاڵان کردنی خاوەندارێتی کۆنەپەرستانەیە . کۆنەپەرستی کۆمەڵگای پێچەوانە لەم تاڵانکرنانەوە هاتووە . چۆن دەتوانین بە بەرەی تاکی تایبەت بڵێین بەرەی تاکی تاڵانکەر , بە کۆمەڵگای پێچەوانەش دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای تاڵانکەر . دیاردەی کەمبوونی دەسەڵات بۆ زۆربەی زۆری مرۆڤەکانی کۆمەڵگا نەک هەر ئاشکرایە , بەڵکو خودی کۆمەڵگا لەسەر ئەوەوە دامەزراوە . لە کۆمەڵگای بەهێزیشدا کە وڵاتانی ڕۆژئاوان و فاروق پێداگرە لەسەر لاسایی کردنەوەیان , تاڵان کردنی دەسەڵات نەک هەر باوی هەیە , بەڵکو چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەشیاندا , ئۆرگەنایز کراوە . ئەوەندەی مرۆڤەکان لەم وڵاتانەدا بێ دەسەڵات کراون , لە

وولاتانی ڕۆژهەڵاتدا ئەوەندە بێ دەسەڵات نەکراون . لاوازی خەڵک لەبەردەم حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا , ئەگەر لەلایەنێکیدا بگەڕێتەوە بۆ فاکتەرە ناوخۆییەکان و ستەمکاری حکومەتەکان , ئەوا لەلایەنێکی تریدا دەگەڕێتەوە بۆ دژایەتی کردنی ئەم وولاتانەی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە گەلانی ڕۆژهەڵات . ئەم وولاتانەی ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ دژایەتی خەڵکی ڕۆژهەڵات ناکەن , بەلام بە پشتگرتنی حکومەتە ستەمکارەکانی ڕۆژهەڵات و بەهێز کردنیان لە بەرانبەر کۆمەلانی خەڵکدا , نەک دژایەتی بەڵکو دوژمنایەتی خەڵک دەکەن . کێ چەکی کیمیایی دا بە سەددام حوسەین ؟ بێگومان ئەم وولاتانەی ڕۆژئاوا . ئەمە دوژمنایەتی کردن بوو بەرانبەر بە دانیشتوانی عێراق و بە تایبەتی نەتەوەی کورد , یان نا ؟ ئەم وەلامەیان بۆ فاروق بەجێدەهێڵم .

لە کۆمەڵگای بەهێزدا , کۆمەڵگا خاوەنی دەوڵەت نییە . دەوڵەت بۆیە هەیە چونکە کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات . کۆمەڵگا بۆیە دەوڵەتی بەرهمهێنا , چونکە خۆی لە بەڕێوەبردنی خۆیدا لاواز بوو . هەتا دەوڵەت بەهێزتر بێت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا , کۆمەڵگا لاوازترە بۆ بەڕێوەبردنی خۆی . دەوڵەت لە پرۆسەی مێژوویی خۆیدا بەرهەمی لاوازیی کۆمەڵگایە . کۆمەڵگا ئەگەر بەهێز بووایە لە بەڕێوەبردنی خۆیدا , دەوڵەتی بەرهەم نەدەهێنا .

ئەگەر دیمۆکراسی باشترین ئامراز بێت بۆ یەکخستنی هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت , ئەوا دەوڵەتەکەشی باشترین ئامرازی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەتە . گرنگترین شوێن لە کۆمەڵگادا کە دەسەڵاتی تالانکراوی تیا کۆدەبێتەوە , دەوڵەتە . دەوڵەت بۆ بەرەی تاکی تایبەت وەکو بانقی دەسەڵات وایە . تا ئەم بانقە گەورەتر بێت و ئاخنراوتر بێت , یانی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا زیاتر تالان کراوە . کە دەسەڵاتیش زیاتر تالان کرابێت , یانی مرۆڤەکان لە دەسەڵاتدا لاواز بوون . لاواز بوونی مرۆڤیش لە دەسەڵاتدا یانی لاواز بوونی لە هەموو شتێکی دیکەدا . جالەکۆمەڵگایەکدا کە بەهۆی بەهێزی دەوڵەتەکەیەوە , مرۆڤەکانی ئاوا لاواز بن , چۆن بەو کۆمەڵگایە دەووترێت کۆمەڵگای بەهێز و چۆن کۆمەڵگای " بەهێز ! "ی ئاواش دەبێت بە خاوەنی دەوڵەت ؟

فاروق بە پێچەوانەوە لە سەرلەبەری ئەم بابەتە حاڵی بووە . هەموو ئەو دامودەزگا مەدەنی و کلتووری و یاسایی و مەعریفییانەی کە فاروق باسیان دەکات و گوایە نیشانەی بەهێزیی کۆمەڵگان , بە پەیوەند بە یاسای " تالان بکە یان ڕێگە بدە تالان بکرێیت " ەوە هەن . هیچیان ئەم یاسایەیان تێکنەشکاندووە و ناشتوانن تێکیبشکێنن . کلتوور نمونەیەکی بەرچاوی لێسەندنەوەی دەسەڵات و ئازادی ئارەزووەکانی مرۆڤە . دامودەزگا مەعریفییەکان بە پەیوەند بە مانەوەی کۆمەڵگای پێچەوانەوە کار دەکەن . یاساکان , یاسای بەستنەوەی مرۆڤەکانن بە کۆمەڵگای پێچەوانەوە . یاساکان پێش ئەوەی مرۆڤەکان ببینن , کۆمەڵگا دەبینن . لە دووتوێی خزمەت کردن بە کۆمەڵگاوە , ژیانی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا دەساچێنن " سازاندنێکی ناچارییانە " .

فاروق لە بڕگەی دووەم لە لاپەرە 78+79دا دەڵێت : ( لە کۆمەڵگایەکی بەهێزدا ئەوە دەوڵەت نییە " یا حکومەت " کە لە جیاتی کۆمەڵگا بیر دەکاتەوە و بڕیار لەسەر شتەکان دەردەکات , بەڵکو خودی دەوڵەت و شێوازی بەڕێوەبردنی وولات ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی خودی کۆمەڵگایە . کۆمەڵگا لەم حاڵەتەدا ژیانی دەستە جەمعی یا جڤاتیانەی خۆی دەژی و بە بەردەوامی سەربەخۆیانە سەرقاڵی تاوتوێ کردنی ئەڵتەرناتیڤەکان و زەمینە خۆش کردنە بۆ هێز و گروپە و تاکەکان تا ژیان تاقی بکەنەوە . ئەوە دەوڵەت نییە کە سیاسەتەکان لە سەرەوڕا دادەڕێژێ و دواجار وەک فەرمان بەسەر

خودی کۆمەڵگادا دەیسەپێنێ , ئەوە نموونەی کۆمەڵگای لاواز و نمونەی ستەمکارییە , لە کۆمەڵگای بەهێزدا ئەو سیاسەتانە لە ناو کۆمەڵگادا پێشتر بیریان لێکراوەتەوە و مونازەرەیان لەسەر کراوە و لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە هەڵکشاون تاکو دواجار ببنە سیاسەت , یاخود یاسایەک , یا بەرنامەیەکی کۆمەڵگا . )

فاروق ڕاستییەکان پاڵ پێوە دەنێت و سەرنجەکانیشمان لادەبات لەسەریان . من پێم وایە فاروق لەخۆڕا ئەمە ناکات . جگە لە پاڵنەرە ناوەکییەکانی , کە ئەڵبەتە هەموو کەسێک بۆ هەر کارێک دەیکات پاڵنەری ناوەکی هەیە , پێم وایە لە تێگەیشتنیشیدا بۆ ستەمکاری و دیمۆکراسی گرفتی هەیە . ئەو بە دوو شتی زۆر جیاواز لەیەکتری , ستەمکاری و دیمۆکراسی دەبینێت و وێنای نزیکایەتی لە نێوانیاندا ناکات . ئەو وێنای ئەوە ناکات کە مرۆڤەکان کۆیلەی سیستمی دەسەڵاتدارێتی و نوێنەرایەتی و عەقڵسالارین . پەی بەوە نابات کە جۆرەکانی فەرمانڕەوایی , ستەمکاری بێت یان دیمۆکراسی وەیان هەر شتێکی دیکە , فۆرمەکانی سیستمی نوێنەرایەتین . تا ئێستا ڕژێمێک لە دنیادا نەهاتووەتە بوون کە لە سیستمی نوێنەرایەتی دەرچووبێت . دیمۆکراسی هەر ستەمکارییە بەڵام بە جۆرێکی تر . دیمۆکراسی لە پێناوی یەک ڕیزیی هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەتدا هاتووەتە ئاراوە . دیمۆکراسی لە ئەسینای کۆندا لە پێناوی بەرەی تاکی هەموانیدا نەبوو کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم بەرەیە بریتی بوون لە کۆیلەکان و ژنان و منداڵان , بەڵکو لە پێناوی یەکپێگرتنی بەرەی تاکی تایبەتدا بوو . بەرەی تاکی هەموانی کە بەرەی تاکی تاڵانکراوە , لە تاڵانکردنی , زیاتر , بیر لە هیچ شتێکی دیکەی نەکراوەتەوە . ئەوە چاکسازییەکانی ناو بەرەی تاکی تایبەتە کە بەرەی تاکی هەموانی سوودی لێدەبینێت . بەو هۆیەوە کە بەرەی تاکی هەموانی , هەمیشە شوێنکەوتەی بەرەی تاکی تایبەتە و ناتوانێت بۆ تەنیا چرکەیەکیش لەو خزمەتگوزارییەی بە بەرەی تاکی تایبەت جیا ببێتەوە ,, هەموو چاکسازییەک کە لە پێناوی بەرەی تاکی تایبەتدا لە کۆمەڵگادا دەکرێت , بەرەی تاکی هەموانیش وەک پەراوێزێک دەگرێتەوە . بەرەی تاکی هەموانی بۆیە سوود لە چاکسازییەکانی ناو کۆمەڵگا وەردەگرێت , چونکە خۆیشی " واتە بەرەی تاکی هەموانی " و چاکسازییەکانیش , خزمەتگوزارن بە بەرەی تاکی تایبەت و لە هەمان کاتیشدا خۆی بووە بە بەشێکی هەڵپێکرا و لە بەرەی تاکی تایبەت . بە واتایەکی تر , چاکسازییەکانی ناو کۆمەڵگا قەت لە پێناوی بەرەی تاکی هەموانیدا نەبووە . هەر لەبەر ئەمەشە کە ئێمە نابێت دلمان زۆر بەو چاکسازییانە خۆش ببێت . ئەوە ململانێی بەرەی تاکی هەموانی نییە لەگەڵ بەرەی تاکی تایبەتدا کە کۆمەڵگاکانی هێناوەتە شەکوشۆ , بەلکو ململانێی نێوان هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەتە بۆ دەست گرتن بەسەر ئەو تاڵانییەی کە هەیە و دەکرێت .

شۆڕشی کرێکاران , شۆڕشی چەوساوەکان نییە , شۆڕشی کۆمۆنیستەکانە بۆ دەست گرتن بەسەر تاڵانییەکانی بەرەی تاکی تایبەتدا . ئەگەر شۆڕشی کرێکاران , شۆڕشی چەوساوەکان بووایە , لە یەکەم ڕۆژی خەباتیەوە داوای یەکسانی دەسەڵاتی دەکرد . داوای لابردنی سیستمی نوێنەرایەتی دەکرد . داوای بە فەرمی نەناسینی سیستمی عەقڵسالاری دەکرد . داوای هەڵپێچانی خێزانی دەکرد . داوای دامەزراندنی کۆمەڵگای تاکایەتی دەکرد . داوای سەروەری ئارەزووەکانی دەکرد . داوای هەڵوەشاندنەوەی لیدەر و مەکتەب سیاسی و ناوەندی و حزبی دەکرد . داوای پووچەڵ کردنەوەی سێنترالیزم " مەرکەزیەت " ی دەکرد . داوای بەستنی پەیوەندی کۆمەلایەتی لەسەر بنەمای دابڕانەوە دەکرد . داوای منداڵ بەخێو کردنی لەلایەن کۆمەڵگاوە دەکرد . داوای دەسەلات و سێکس و

خاوەندارێتی هاوبەشیان لەسەر بناغەی یەکسانی تاکەکانەوە دەکرد . داوای هێنانە خوارەوەی بەرژەوەندی گشتی و سەرخستنی بەرژەوەندی تاکایەتییان دەکرد . داوای وەدەرنانی ئەخلاقیان دەکرد . داوای پاشکۆ پێکردنی ئەرکەکانیان بۆ مافەکان دەکرد . شۆڕشی کرێکاری نە بوونی هەبووە و نە بوونیشی دەبێت . ئەوەی کە لە کۆمۆنەی پاریس و ئۆکتۆبەردا ڕوویداوە , ڕێکخستنەوەی دوو کۆمەڵگای لەبەریەکترازاو بووە . بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەت بزوێنەری شۆڕشەکان بووە , نەک بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار . باشترین سەلماندنیش ڕابەرایەتی کردنی هەردوو شۆڕشەکە بووە بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن ئەنارکییەکان و کۆمۆنیستەکانەوە . چینی کرێکار لەو شۆڕشانەدا وەکو سووتەمەنی بۆ بەرەی تاکی تایبەت یان ئاپۆڕەی خەڵکی تەوەرە پێبەستوو بە دەوری ئەنارکییەکان و کۆمۆنیستەکاندا هێنراونەتە مەیدانی جەنگەوە . لە هیچ یەکێک لەو شۆڕشانەدا , نوێنەرایەتی کردن کە ئامرازی کۆیلە کردنە وەلانەنرا . مافەکان نەخرانە پێش ئەرکەکانەوە . دیسپلین نەکرا بە کارێکی ئارەزوومەندانە . یەکگرتنیان لە بازنەی هێز بەکارهێناندا دەرباز نەکرد . خێزانیان هەڵنەوەشاندەوە . ئەخلاقیان هەڵنەپێچا . بەرژەوەندی تاکیان نەخستە پێش بەرژەوەندی گشتییەوە . جاڕی ئارەزوومەندانەی خەباتیان نەدا . دابونەریتیان وەکو ڕێگری بەردەم پێشکەوتن نەناساند . دروشمی یاخی بوونیان لە بەرانبەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵنەگرت . یەکسانیان لە دەسەڵاتدا نەخستە ناو دەستوری کارەوە .

بەرەی تاکی تایبەت لە کۆمەڵگادا هەرگیز بەیەک شێوە دەرناکەوێت . بەرەیەکی زەبەلاحە , زیندووە , ڕۆشنبیرە , سیاسییە , دەسەڵاتدارە . بەرەیەکە هەمیشە لە گەڕاندایە , هەمیشە لە گۆڕاندایە , هەمیشە لە داهێناندایە . بەرەیەکە کۆمەڵگا ڕێکدەخات , گەورەی دەکات , بەرەو پێشەوەی دەبات . بەرەیەکە کۆمەڵانی خەڵک دەڕووتێنێتەوە , دەیانچەوسێنێتەوە , هەمیشەش لە پەراوێزی خۆیدا دەیانگرسێنێتەوە .

فاروق لە پەرتوکی ستەمکاردا کە لە نوسینی خۆیەتی , لە لاپەڕە 10دا دەڵێت : ( لەتەک سەختی پێناسەی ستەمکاریشدا دەتوانین وەک نەخشەیەک چەند پرنسیپێکی ستەمکاری دیاریبکەین , بەڵام بەو مەرجەی لە یادمان بێت کە ستەمکاری دیاردەیەکی ئاڵۆزە و کورت ناکرێتەوە بۆ چەند پرنسیپێک و ئەم هەوڵەش تەنها بۆ چواردەورگرتنی ئەو دیاردەیەیە , یاخود هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لە ستەمکاری , ...........هەر لە هەمان لاپەڕەی 10دا دەڵێت : ستەمکاری دەتوانین بەوە بناسینەوە کە سیستمێکە تێیدا دەسەڵات و جۆری حوکم ڕەوایەتی لەدەستداوە , بەرمەبنای سیاسی و یاسایی نییە و ئۆتۆرەی تێدا زۆرەملێیە و دەسەڵات بە تۆبزی دەستی بەسەردا گیراوە و ئنجا لەمە ترسناکتریش کە میکانیزمێک یا میکانیزمەکان بوونیان نییە بۆ فەحس کردنی ئەو دەسەڵاتە , واتە نەبوونی فەحس و باڵانسی دەسەڵات ) .

ستەمکاری لە بناغەدا دروستکەری کۆمەڵگای پێچەوانەیە . کۆمەڵگای پێچەوانە لەسەر بناغەی ستەمکاری دامەزراوە . تالانکردنی دەسەڵات کە کۆمەڵگای پێچەوانەی لەسەر دادەمەزرێت , بۆخۆی ستەمکارییە . دیمۆکراسی , چاکسازییە لە ستەمکاریدا . ستەمکاری نەبێت , دیمۆکراسی نابێت . دیمۆکراسی دیوی دەرەوەی جوانکاریکراوی ستەمکارییە . دیمۆکراسی ڕوخسارێکی هەڵخەڵەتێنەرانەی هەیە . تەنانەت بۆ " فاروق ڕەفیق "یش , دیمۆکراسی هەر ڕوخسارێکی هەڵخەڵەتێنەرانەی هەیە . هەر خودی دەنگدان کە گرنگترین پایەی دیمۆکراسیە , ستەمکارییە . بەو شێوەیەی فاروقیش کە دەڵێت ( شارەزایان پاش ڕوون کردنەوە و گفتوگۆ و دەرخستنی توانای خۆ

بۆ هەڵبژاردن , با لە دەنگدانێکی ئازادانەدا هەڵبژێررێن و جائەوان کاری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بگرنە ئەستۆ _ کورتەی چەند قسەیەکی فاروق لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەیدا _) , ناتوانیت لە بازنەی ستەمکاری دەربچێت . بەرەی تاکی تایبەت کە بەڕێوەبەری کۆمەڵگان , بەرەیەکی ستەمکارن . ستەمکاری , لەڕاستیدا کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات , نەک نەک فۆرمێکی دیکەی ناکۆک بە ستەمکاری . هیچ فۆرمێکی ناکۆک بە ستەمکاری لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا بوونی نییە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا . باشترین فۆرمی سیستمی نوێنەرایەتی کە دیمۆکراسییە , ستەمکارییەکی کراوەیە . ستەمکاری بەپێی چوونە پێشەوەی ململانێ ناوەکییەکانی بەرەی تاکی تایبەت , فۆرمە جیاوازەکانی حوکمڕانی بە خۆیەوە دەگرێت .

من لەم نوسینەمدا باسم لەوە کرد کە یەکەم تاڵانی لە مێژوودا , تاڵانی دەسەڵات بووە . تاڵانی دەسەڵاتیش بۆ یەکەم جار , تاکی تایبەت لە دروست بوونی خێزانی مرۆیی و لە سەردەمی پێنەگەیشتنی عەقڵدا کردوویەتی . لەم تاڵانییەی دەسەڵاتەوە , تاڵانی شتەکانی دیکە دەستی پێکردووە . ئەم تاڵانییەی دەسەڵات لە خێزاندا و لە سەرەتای دروست بوونیدا , بەرمەبنای هێز , لەلایەن تاکی تایبەتەوە دەستی پێکراوە . جیاوازی هێز لە نێوان ئەندامانی خێزاندا , تاکی تایبەتی وەکو دەسەڵاتدار هێناوەتە دەرەوە . تاکی تایبەت ئەگەر خاوەنی هێزێکی زیاتر نەبوایە لەوان , نەیدەتوانی تاڵانی دەسەڵاتی ئەوانی تر بکات . ئەم جیاوازی هێزە , ئەگەر بە فاکتەری یەکەم بناسین بۆ تاڵان کردنی دەسەڵات , ئەوا فاکتەری دووەم پێچەوانەیی خێزانە . خێزان بە پێچەوانەیی نەبێت , ناکرێت دروست ببێت . جیاوازی هێز و سەرپەرشتی کردن و داخران و سنووردار بوون و هەمیشەیی و پێویست بوونیان بە یەکتری و خۆویستنیان , لەو فاکتەرانەن کە خێزان بە پێچەوانەیی دەهێننە بوونەوە .

پێچەوانەیی خێزان , پێچەوانەیی کۆمەڵگا دروست دەکات . تاڵان کردنی دەسەڵات کە لەسەر جیاوازی هێز و پێچەوانەیی خێزان , لە سەردەمەکانی دروست بوونی مرۆڤدا بنیات نرابوو , هەتا هەنووکەش درێژە بە ژیانی خۆی دەدات . ئەگەر لەو سەردەمانەدا خێزان کۆمەڵگایەکی بچوکی پێچەوانە بووبێت , ئەوا ئێستاش هەر هەمان کۆمەڵگای بچوک و پێچەوانەیە . ئەم کۆمەڵگا بچوکە پێچەوانانەن " واتە ئەم خێزانانەن " کە چوونەتە پاڵ یەکتری و کۆمەڵگا گەورەکانی ئەمڕۆمانیان دروست کردووە . کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ بۆیە لەباری یەکگرتنەوە قرچۆک و لەباری مرۆیی بوونەوەش پووچەڵن , چونکە بەرئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵگا بچوکە پێچەوانەکانن . ئەم کۆمەڵگا بچوکە پێچەوانانە کە یەکیانگرتووە , بە فشۆڵی لەسەر بنەمای پەیوەندییە دەرەکییەکانیانەوە یەکیانگرتووە , نەک یەکگرتنێکی ئۆرگانیکییان لەگەڵ یەکتریدا هەبێت . ئەم کۆمەڵگا بچوکە پێچەوانانە , " واتە ئەم خێزانانە " کە چوونەتە پرۆسەی تێکهەڵپێکانی پەیوەندییە دەرەکییەکانیانەوە بۆ دروست کردنی کۆمەڵگا , ئارەزوومەندانە نەچوونەتە ناو پرۆسەکەوە . واتە پەیوەندییە دەرەکییەکانیان بە زۆر " زۆرەملێیانە " لە یەکتری هەڵکێشراوە . هیچ خێزانێک بە ئارەزووی خۆی نەچووەتە پای یەکگرتنەوە لەگەڵ خێزانەکانی دیکەدا . لەرزۆکی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە بۆ لەرزۆکی ئەم پەیوەندییانە . یەکگرتن لەناو کۆمەڵگادا هێز دروستی دەکات , نەک پاڵنەرە ناوەکییەکانی مرۆڤەکان . ئەم هێزەی کە دەست بەسەر خێزانەکاندا دەگرێت و بەزۆر یەکیانپێدەگرێت , لە دەرەوەی خێزانەکانەوە نەهاتووە . ئەم هێزە لەناو خودی خێزانەکانەوە دروست دەبێت . خێزانەکان یان بابڵێین کۆمەڵگا بچوکە پێچەوانەکان کە لەسەر بنەمای پەیوەندییە دەرەکییەکانیانەوە یکدەگرن

, واته لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی تاکە تایبەتەکانەوە یەکدەگرن . پەیوەندی تاکە تایبەتەکانیش لەسەر بنەمای بەکارهێنانی هێزەوە بۆ تالان کردنی یەکتری دەچنە پرۆسەی یەکگرتنەوە . کەواتە هێزی تالان کردنی یەکتری کە هێزی بەرەی تاکی تایبەتە " واتە هێزی هەموو تاکە تایبەتەکانەلە کۆمەڵگادا " هێزی ڕاگرتنی پەیوەندی خێزانەکانە لەگەڵ یەکتریدا . کۆمەڵگا بچوکە پێچەوانەکان کە خێزانەکانن , ناتوانن لە یەکگرتنیاندا بۆ دروست کردنی کۆمەڵگا , ڕاستەوانە بن . هەموو یەکگرتنەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا " واتە نەقابە و ڕێکخراوە و حزب و حکومەت و دامودەزگا ڕۆشنبیری و ئابووری و ....هتد " کە پێچەوانەن , لەو پێچەوانەبوونەی کۆمەڵگا خۆیەوە سەرچاوە دەگرن .
ستەمکاری خۆی بەرهەمی ئەم پێچەوانەبوون و هێز و تاڵانکردنەیە . کۆمەڵگا کە لەسەر بنەمای ئەم هێز و تاڵانکردنەوە دامەزرابێت , هەر دەبێت پێچەوانە بێت و هەر دەشبێت ستەم تیایدا پەرە بستێنێت . ستەمکاری ڕوخساری ڕاستەقینەی کۆمەڵگای پێچەوانەیە . دیمۆکراسی ڕوحساری فریودەرانەی کۆمەڵگای پێچەوانەیە . دیمۆکراسی , کرانەوەی ستەمکارییە بەڕووی خەڵکدا . واتە دیمۆکراسی ستەمکارییەکی نەرمونیانە . ستەمکاری هەرچەندە ناکۆکە بە نەرمونیانی , بەڵام لە پرۆسەی چوونە پێشەوەیدا کە تووشی بنبەست دەبێت , دادەسەپێت بەسەریدا . بەرەی تاکی تایبەت ستەمکارە , دیمۆکراسیخواز نییە . ئەو دیمۆکراسییەی کە ئەمڕۆ هەیە , جگە لەوەی دیوی دەرەوەی ستەمکارییە , لەسەر هاوسەنگی هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەتیشەوە دامەزراوە . ئەم هاوسەنگییەی نێوان هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت , هاوسەنگییەکی لەرزۆکە . هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی تیاچووندایە . ئەم هاوسەنگییە پێویستی بە هێزێکی گەورەیە بۆ ڕاگرتنی . ئەو هێزەی کە ئەم هاوسەنگییە ڕادەگرێت و پرۆسەی ململانێی خۆیان " واتە هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت " هێناویەتیە بوون , دەوڵەتە . کەواتە دەوڵەت , پێداویستییەکانی ڕێکخستنەوەی بەرەی تاکی تایبەت دروستکەری بووە . دەوڵەتیش بۆخۆی هێزێکی بەرەی تاکی تایبەتە , بەڵام هێزێکی یەکلاکەرەوەیە . دەوڵەت ناتوانێت بەبێ ڕێکخستنی کۆمەڵگا , ڕیزەکانی بەرەی تاکی تایبەت ڕێکبخات . کەواتە دەوڵەت زەمینە کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگادا , لە پێناوی بەرەی تاکی تایبەتدا ئامادە دەکات . بەرەی تاکی تایبەتیش کە دەوڵەت گەورەترین هێزیەتی , بەرەی تاکی تاڵانکەرە . کەواتە دەوڵەت پێش ئەوەی هەر شتێک بێت تاڵانکەرە . هەموو تاڵانکردنێک ستەمکارییە , کەواتە دەوڵەتیش لە هەر بەرگێکدا بێت , مادەم تاڵانکەرە , یانی ستەمکارە .

فاروق ستەمکاری بەوە دەناسێتەوە کە سیستمێکە تیایدا دەسەڵات و جۆری حوکم ڕەوایەتی لەدەست داوە , لە کاتێکدا کە دەسەڵات هەرگیز ڕەوا نەبووە . دەسەڵات لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا چونکە تاڵانکەرە , سەرکوتگەرە , چەوسێنەرە , داگیرکەرە ,, ئیتر ناتوانێت ڕەوا بێت . کە ڕەوایەتی بە دەسەڵات درا , ئیتر هەموو گرووپێک , حزبێک , هێزێک , لایەنێک , ڕژێمێک دەتوانێت مۆرکی ئەو ڕەوایەتییە بە دەسەڵاتەکەیەوە بنێت . ئەوەتا ئەمڕۆ ناسیۆنالیستەکان و کۆمۆنیستەکان و ئیسلامییەکان و لیبراڵەکان و تەنانەت فاروقەکانیش کە دەوڵەتێکی جیاوازیان بۆ سبەینێ هەیە , مۆرکی ڕەوایەتی بە بڕوبیانووی جۆراوجۆرەوە دەدەن لە دەسەڵاتەکانیان . هیچ دەسەڵاتێکی سەرووخەڵکی ڕەوا نییە , ئەوەی کە ڕەوایە ناڕەوایەتی بەخشینە بەو دەسەڵاتە . بەڵگەخوازییەکانی فاروق بۆ ڕەوایەتی دەسەڵات , سیاسی بوون و یاسایی بوونە . خودی سیاسەت بەرهەمی

پەرەسەندنی دەسەڵات و تاڵانییەکانیەتی , ئیتر چۆن دەتوانێت ڕەوایەتی دابەش بکات ؟ یاساکانیش فاکتەری بەرقەرار کردنی زەمینە کۆمەڵایەتییەکانن بۆ تاڵانی کردنەکان . یاساکان هەرهەموویان تەوەرە دەبەستن بە دەوری یاسایەکدا کە سەرانسەر کۆمەڵگای پێچەوانەی لەسەر ڕاوەستاوە . ئەو یاسا زەبەلاحەی کە کۆمەڵگا هەڵدەسووڕێنێت و هەموو یاساکانی تر لە خزمەتی ئەودان , ئەویاسایە بوو کە لەم نووسینەدا چوومەسەری و ڕوونم کردەوە و ئێستاش دەیهێنمەوە بیرتان : یان تاڵان بکە , یان ڕێگە بدە تاڵان بکرێیت . ئەم یاسا زەبەلاحەی کۆمەڵگا کە بە تاڵان کردن ناوزەدم کرد , هۆکاری داڕشتنە بۆ هەموو یاساکانی دیکە لە کۆمەڵگادا . جائەگەر حاڵی سیاسەت و یاسا ئاوابێت !ئیتر چۆن دەکرێن بە پێوەری ڕەوابوون ؟

رەوا نەبوونی ستەمکاری ئەگەر بەو شێوەیە لێکبدەینەوە کە بەرمەبنای سیاسی و یاسایی نییە , ئەوا خودی سیاسەت و یاساش خۆیان ئامرازی خزمەت کردنن بە ستەمکاری . سیاسەت و یاسا , چ ئایینی بن و چ ناسیۆنالیستی بن و چ کۆمۆنیستی بن و چ لیبراڵی بن , نەک هەر ناتوانن ئەو چوارچێوەیە تێبپەڕێنن کە بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەتی تیا بەرجەستە کراوە , بەڵکو لە هیچ کەس و لایەنێکیش ناگەڕێن کە هەوڵی ئەو تێپەڕاندنە بدەن . نەک هەر سیاسییەکان و دەسەڵاتداران و هێزە کۆمەڵایەتییەکان ناهێڵن , تەنانەت سەرجەمی ڕۆشنبیران و بیرمەندەکانیشیان وەکو فاروق و فاروقەکانی دیکە , سەرسەختانە , خەباتی هەمەلایەنە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەرەی تاکی تایبەت دەکەن و ڕێگە نادەن کەس ئەو چوارچێوەیە تێبپەڕێنێت . ئەوەتا فاروق ڕەفیق غەمەکەی ئەوەیە لە ستەمکاریدا کە دەسەڵات بە تۆبزی دەستی بەسەردا گیراوە , ئیتر باس لەوە ناکات و خەفەت بۆ ئەوە ناخوات کە ئەو دەسەڵاتە بەو کۆکراوەییە بۆچی هەیە تا بە تۆبزیی دەستی بەسەردا بگیرێت ؟ ئایا هەبوونی ئەو دەسەڵاتە ڕەوایە ؟ ئەو دەسەڵاتە کە بە تۆبزیی دەستی بەسەردا گیراوە , چۆنچۆنی کۆکراوەتەوە ؟ ئایا ئەو دەسەڵاتە تاڵانییە و لە خەڵک سەندراوە ؟ یان دەسەڵاتێکی هەمیشە بووە و سروشت لە کۆمەڵگاکاندا بە کۆکراوەیی بۆ فەرمانڕەواکانی داناوە ؟ باشتر وابوو فاروق ڕەفیق لە مەیدانی دەسەڵات و حوکمڕانی و تاکەکاندا , فەلسەفییانە بڕۆیشتایەتە پای بابەتەکانەوە نەک سیاسییانە . فەلسەفەی سیاسی بەو مانایە نییە , سیاسییانە بیر بکەیتەوە و سوود لە فەلسەفە وەربگریت بۆ ئامانجە سیاسییەکانت , بەڵکو بەو مانایەیە , فەلسەفییانە بیر بکەیتەوە و سیاسەت لە ڕوانگەی خزمەت کردن بە مرۆڤەوە دابڕێژیت . بیرکردنەوەی فەلسەفییانە لە مرۆڤ , بیرکردنەوەی بە کۆیلە کردنی تاک نییە بۆ جڤات , بەڵکو بیرکردنەوەیە لە سەروەری تاک و دامەزراندنی کۆمەڵگایە لەسەر ئەو بناغەیەوە .

گرفتی فاروق لە سیاسەت , گرفتی نەبوونی تێگەشتنێکی فەلسەفییانەیە لێی . ئەو سیاسەت بە بەرهەمی کۆمەڵگای پێچەوانە نابینێت . سیاسەت بە ئامرازی خزمەت کردن بە بەرەی تاکی تایبەت نابینێت . سیاسەت بە هۆکاری تەخت کردنی زەمینە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هێزگرتنی زیاتری بەرەی تاکی تایبەت نابینێت . ئەو , ئەو پرسیارانە لە خۆی ناکات کە سیاسەت چییە ؟ بۆچی هەیە ؟ لە کوێوە هات ؟ دەیەوێت چی بکات ؟ خزمەت بە کێ دەکات ؟ بۆ هەرچی هێز هەیە لە کۆمەڵگادا دەستیان پێوە گرتووە ؟ ئایا ئەو هێزانە خۆیان , بێ بەشداری بوونی سیاسەت هاتوونەتە بوون و گەورە بوون ؟ ئایا سیاسەت لە جەوهەردا , مرۆییە یان نامرۆییە ؟ ئەگەر مرۆییە بۆ دەوری نامرۆیی دەبینێت لە کۆمەڵگادا و ئەگەر نامرۆییشە, چۆن دەکرێت بە مرۆیی ؟ نا , فاروق نایەوێت ئەو جۆرە پرسیارانە بە هەند وەربگرێت . فاروق لە شوێنێکی ترەوە دەرگیرە . ئەو دەسەڵات بە

**کۆکراوەیی دەبینێت و کاری سیاسی لەگەڵ ئەودا ڕەچاو دەکات و لەوێشەوە فکر بۆ مامەڵە کردن لەگەڵیاندا ڕاپێچ دەکات .**

**بژار** 26-04-2010

**ماویەتی**